# دوپشکەکان و دێموکراسی
# کێ ژیل کارولی رفاند



ژیل کارول

**زوهره** سەحەرخیز

وەرگێران عوسمان_ م

تیروریسم لە عێراق ئاست و پێکهاتەیەکی نوێی پەیدا کردوە. دیارە تۆڕە تیرۆریستیەکانی سەر بە ئەلقاعیدە و هێزەکانی لەو چەشنە بەردەوام خەریکی تیرۆرن و بەرپرسایەتی زۆربەی تیرۆرەکانیش لە ئەستۆ دەگرن، بەڵام ئێستا ئیتر هەر هەمو تەقریبەن باسی "هێزەکانی" پشتی تیرۆریستەکان دەکەن.
ژمارەیەک لە کاربەدەستانی عێراق و رژیمی ئیسلامی مەسئولیەتی زۆربەی تیرۆرەکان و ئینسان رفاندنەکان ئەخەنە ئەستۆی ئەمریکا و ئینگلیس. ئەمریکا و ئینگلیس و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی عێراقیش راستەوخۆ یان بە کۆمەکی ئەو خەبەرانەی کە لە راگەیەنەرەکانەوە بڵاو دەبێتەوە بەشێکی زۆری تیرۆرەکان و خەڵک رفاندنەکان و نائارامیەکان بە کاری رژیمی ئیسلامی و شیعەکان دەزانن. لە ئینترنێت و دەنگۆی نێوان عێراقیەکان بەشێک لە تیرۆرەکان لەوانە تیرۆری زانستمەندان بە کاری ئیسرائیل دادەنێن.
راستیەکان ئەوەیە کە هێزەکانی بەشدار لەم شەرە بەربەریەتانە دا، هەر هەمو پێشینەی رێکخستنی کردەوەی تیرۆریستییان هەیە. هەر هەمویان توانای ئەوەیان هەیە کە بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی خۆیان دەست بدەنە خراپترین جینایەت لە دژی خەڵک، و هەر مەمویان بە شێوەیەک لە ئاکامی ئەم یان ئەو بەشی تیرۆرەکان، بە لەبەرچاو نەگرتنی ئەوەیکە کێ ئەنجامی داوە، بۆ لاواز کردنی رەقیب کەڵکی لێ وەر دەگرن. بۆ نمونە پەرەگرتنی تیرۆر و بشێوی لە خولی یەکەمی سەرۆک وەزیریی جەعفەریدا یەکێک لە گرنگترین خاڵە لاوازەکانی ئەوە بوو کە لە لایان نەیارانیەوە لە هەڵبژاردندا کەڵکی لێ وەرگیرا. لەم بارەیەوە شیعەکان قامکی تاوان بۆ ئەمریکا و ئینگلیس و فیرقەکانی لایانگریان رادەکێشن و سەرچاوەکانی سەر بە ئەمریکا و ئینگلیسیش لایانی شیعە بە تاوانبار دەزانن و

کوشتنی ناقانونی ژیل کارول لە یەکەمین شریتی ویدۆیی بارمتەکانی زیندانیانی سیاسی بە نمونە دیننەوە. ئا بەم شیوەیە لە بەسرە هەر دوک لایەن یەکتر تاوانبار دەکەن بە پشتگری کردن و لایانگری لە تیرۆریزم و هەر دوک لایەن نمونەی روون لەسەر یەکتر دێننەوە.

بە شێوەیەکیتر ئەگەر باوەر بە ئیدیعاکانی یەکێک لە لایەنەکان- فەرق ناکا کامیان بێت بکەین، تیرۆریزم ئیتر تەنیا شێوەی بەربەرەکانێی شەقام و کۆلانەکانی گوروپە نادەولەتیەکان نییە، بەڵکو بەشێکە لە سیاسەتی لایەنەکانی ئەو دەولەتە کە بە یارمەتی شەر و لە ژێر پشتیوانی سەربازی، ئەمنیەتی و مالیی داگیر کردندا پێک هات و بە دێموکراسی ناو دەبرێت. لە راستیدا تیرور و تیرۆریزم ئێستا ئیتر ئامرازێکە بۆ بەرێوە بردنی هەڵبژاردنەکان و دەنگ دانەکان، دیاری کردنی بەشی لایەنەکان لە دەسەلات و بەهێز کردنی سیاسەتە گشتیەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکان. لایەنەکان و هێزەکان ئەگەر خۆیان راستەوخۆ لە تیرۆردا دەستیان نەبێ، لە بونی تیرۆریزم بۆ ئیمتیاز وەرگرتن و ئیمیاز دان کەڵک وەر دەگرن.

بەلام بەشی خەڵکی بێ تاوان و بێ گوناه لەم کێشە نا ئینسانیەدا تەنیا مەرگ و رەنجە، و مەرگ و رەنجی خەڵکیش نەعمەتێکە بۆ ئەو دەسەلات خوازانەی کە لە ژێر سێبەری داگیرکاریدا ساباتی خۆیان داچنیوە. هێزەکان و کەسانی دێمکوکرات و لایانگری مافی مرۆڤ و دژ بە شەریش کە بۆ یارمەتیدان بە قوربانیانی ئەم کارەساتە نائینسانیە دەچنە عێراق، خۆیان بونەتە قوربانیی تیرۆرەکان و جینایەتەکان.

لە 7ی مانگی ژانویەی ئەمساڵ هەواڵی رفاندنی ژیل کارول روژنامە نگاری سەربەخۆی ئەمریکایی لە راگەیەنەرەکان بە شێوەیەکی بەرین بلاو بوەوە. ژیل کارول لە ویدوی تیرۆریستەکانەوە دەرکەوت و بە تەئکید لەسەر ئەوەیکە گیانی لە مەترسی دایە پارایەوە کە ولام بە داخوازی رفێنەرانی بدنەوە. ژیل کارول رۆژنامە نوسێکی ئازاد و پێشکەوتو و دژ بە شەرە.

بەر لە ژیل کارول هەواڵنێرێکی ئاڵمانی رفێندرا و پاشان بە پارە- کە رەسمەن رانەگەیەندرا- ئازاد کرا. برێک دواتر هەواڵێک بلاو بوەوە کە تێدا هاتبو ئەو پارانەی بۆ ئازاد بونی درابو، کاتێک کە حەمامی دەکرد، لە جلەکانی خۆیدا پەیدا بوە. ئەمە بەو مانایە بو کە ئەو لەگەڵ تیرۆریستان هاوکاری دەکا. بەلام دواتر براکەی رەدی کردەوە و وتی ئەم مەسەلە ئەساسی نییە و دەیانەوێ بوختانی بۆ بکەن. ئەم هەواڵنێرە ئاڵمانیەش دژ بە شەرە و پاش ئازاد بونی لە تەلەویزیونەکانی ئاڵمان دژ بە شەر و داگیر کردن قسەی کرد. مەسەلەکەی ئەویش لە پەردەی گوماندا وون بوو.

پێشتر چوار هەڵسوراوی ناسراوی ئەمریکایی دژ بەشەر و سەر بە گوروپە مەسیحیەکان Christian Peacemaker Teams. CPT رفێندرا بون و دەیان

کەسی پێشکەوتوی وەک نەوام چامسکی و نوامی کلاین داخوازێکی بە پەلەیان بۆ ئازادی ئەوانە ئیمزا کرد. ماجەرای ئەوانیش لە پەردەی تەم و گوماندا وون بو.
بەم بارودۆخەوە کە لە عێراق دا پێک هاتوە، وڵامی ئەم پرسیارە کە ئینسان رفێنەکان کێن ئیتر دەسپێردرێتە دەستی شک و گومان و ئومیدێک بە وەرگرتنی وڵامی راستەقینە نییە. بەڵام Firas AL-Atraqchi رۆژنامە نوسی کانادایی بە رەچەڵەک عێراقی کە پسپۆرە لە بواری مەسەلەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ماوەیک پێش لە بابەتێکدا لە هەفتەنامەی ئینگلیسی زمانی الاهرام کەوتوەتە شوێنی وڵامی ئەم پرسیارە. ئەوەیکە لە بابەتەکەی ئەودا گرنگە شک وگومانی خۆدی ئەوە لە بابەت هێزی پشتیوانی ئەم تیرۆرانەوە نییە. بەڵکو زانیارییەکە کە بە پێی راپۆرتی واشنگتون تایمز لە بابەت دوو گرۆپی نوێی تیرۆریستیەوە دەیدا.
ئەم زانیارییە نیشانی دەدا "دێموکراسیی کارەسات ئەنگێز تەنیا بە بومبەکان نەهێنراوە بۆ عێراق، بەڵکو ئامرازی تریش لە کاردا بوە کە تەواوی لایەنە ناوخۆیی و دەرەکیەکان ئەتوانن بە مەبەستی بردنە پێشی سیاسەتەکان و بەرنامە گشتی و بچوکوکانیان کەڵکی لێ وەر بگرن. لە راستیدا لە پاڵ سەدام کە وەک مارێک سواری سەرشانی خەلکیب عێراق ببو و خوێنیانی دەمژی، کۆمەڵێک دوپشک لە لایان ئەمریکاوە لە عێراق پەروەردە کرا کە تا ئەمرۆ درێژە بە هەڵسورانیان ئەدەن. پۆختەیەک لە بابەتەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
الاطرقچی لە بابەتەکەیدا لە الاهرام دەنوسێ رفاندنی ژیل کارول گوروپێکی نەناسراو بە ناوی بریگادی قەساس Brigads of Vengeanse لە ئەستۆی گرت. گوروپێکی چەکداری نەناسراو بە ناوی شمشێری حەقیقەت مەسئولیەتی رفاندنی چوار کەسی سەر بە گوروپی ئاشتیی مەسیحیی لە ئەستۆ گرت.
بێجگە لە هەواڵنێرانی خارجی کە بە بارمتە دەگیرێن و لە چاپەمەنییەکانی رۆژاوا بە زۆری رەنگ دەداتەوە، کەسایەتیە خۆییەکانێش دەرفرێندرێن. نوسەر باسی دوو هەواڵنێری عێراقی دەکا کە سەربەخۆ کاریان دەکرد. مەسەلەی ئەو دوانەش هەروا بێدەنگی لێ کرا و کرا بە ژێرەوە.
بەڵام سەبارەت بە دوو گوروپی تیرۆریستی کە بەرپرسایەتی رفاندنی ژیل کارول و گوروپی ئاشتیی مەسیحییان لە ئەستۆ گرتوە، کاربەدەستانی عێراقی ئەڵێن قەت ناوی ئەو دوو گوروپەیان نەبیستوە، هەر بۆیە هیچیان لەدەست نایەت چونکە پێوەندی لە گەڵیاندا پێک نەهاتوە.
شێوازی وەک یەکبونی رفاندنەکان بۆ نوسەر جێگای سەرنجە: هەر هەمویان لە بەغدا روی داوە، و تەواوی ئەم هەواڵنێرانە بێ چەک و بە بێ حیمایە لە عێراق گەراون. هەر هەمویان دژ بە شەرن، و گوروپی ئاشتی لە هەموان زیاتر یارمەتی بە سونیەکان دەکرد. ژیل کارول بە زۆری پشتیوانی کردنی لە دەست بەسەر کراوانی سونی لە ئەستۆ بوو. گوروپی مەسیحی 6 مانگ بەر لە هێرش بۆ سەر

عێراق لە مارسی 2003 لە ناوچەکە بون و ئەوان خۆیان بە "ئەلترناتیوی بەرانبە بە هەواڵنێرانی دانراو" ناو دەبرد و لە دژی بێ عەداڵەتی و مەرگێک کە گەمارووە ئابورییەکانی بە بار هێنا بوو، کاریان دەکرد و خەباتێکیان وەرێ خستبو بە ناوی Adopt- a-Detainee Campaign تا کلیساکان بە قازانجی گیراوەکان بخەنە گەر.
لەسەر یەک ئەم گوروپە لە ساڵی 2003 لە عێراق بە هۆی هەڵسورانیانەوە و دیفاع لە ئاشتی لە نێوان خەڵکدا ناسرا بون و تا ئێستا توشی گیر و گرفت نەهاتبون.
نوسەر ئەپرسێ ئەم شێوازە خەڵک رفاندنانە چ کەسانێک دەیکەن؟ کێ براوی ئەم رفاندنانەیە و کێ دۆڕاو؟
نوسەر پاشان بە پێی راپورتێک لە واشنگتون پۆست لە پێشینەی گوروپە تیرۆریستیەکان لە عێراق دەکۆڵێتەوە. لە راپورتەکەی واشنگتون پۆست دا هاتوە کە دەزگای زانیاریی ئەمریکا لە ساڵی 2005 دەستی دایە راگرتنی هەڵسورانی گوروپێک بە ناوی دوپشکەکان Scorpions . ئەم گوروپە لە عێراق عەمەلیاتی نهێنی دەکرد.
بە پیی راپۆرتی واشنگتون پۆست دوپشکەکان دەستەی بچوکی میلیشیای سەربازین کە لقەکانی سەر بە تورێکی تیرۆریستی بە ناوی تمساح و کوبرا Aligator and Cobra بە حیساب دێن. ئەم تورە رێکخراوی سیای ئەمریکا بەر لە هێرش بۆ عێراق رێکی خستبو تاکو بۆ شڵەژاندنی رژیمی بەعس دەست بدەنە کردەوەی توندوتیژی. دوپشکەکان بە میلیونان دولاریان وەر گرتوە کە رەقەمی دەقیقی مەعلوم نییە. ئەوانە لە لایان سیاوە مەشقی سەربازیان دەبینی و رادەهێنران و چەکی پێویستیان پێ دەدرا.
ئەو ئەرکانەی کە پاش شەر بەم گوروپانە دەسپێردرا، تەنانەت لە کردەوەکانی سەردەمەی سەدامیش خراپتر و کارەسات سازترە. لە بابەتەکەدا هاتوە پاش هیرش بۆ عێراق، و بە تایبەتی پاش ئەوەیکە بزوتنەوەی مقاومە لە سەرتاسەری عێراق دەستی پێکرد، دوپشکەکان دەوریان گۆرا. لە دەزگای ئەمنیەتی و سەربازیدا ئەرکی جۆراوجۆریان پێ سپێردرا. لەوانە مەئموریەتیان پێدان رەخنە بکەنە نێو گوروپەکانی مقاومەت و زانیاری بەدەست بهێنن. ئەوان لە پرسینەوە لە گومان لێکراوان بەشدارییان کرد و یارمەتی لێپرسەرەوانیان دەکرد. برێک لەوانە ئەرکی وەک موتەرجم و راوێژکار و چاوساغ لە هەلسوکەوت لەگەڵ عێراقییەکانیان هەبوو.
پاشان الاطراقچی ئەم پرسیارانە دێنێتە گۆرێ : ئایا بەرنامە، و رەخنە کردنە ناو مقاومە سەرکەوتو بوو؟ ئایا گوروپێک لە دوپشکەکان لەگەڵ گوروپە چەکدارە عێراقیەکان رێکەوتن؟ ئایا دوور لە چاوەروانییە کە تەسەور بکەین ئەو گوروپانەی هێرشەکان ئەنجام ئەدەن و بارمتە گیراوەکان ئێعدام ئەکەن، تاقمەکانی وەک

دوپشکەکان بن کە لە لایان ڕێکخراوە زانیاریەکانەوە پێک هاتون؟ ئایا برێک لە موتەرجمە عێراقیەکان پێوەندییان لەگەڵ ئەمانەدا نییە؟
نوسەر باسی ڕاپۆرتەکەی تاگویا دەکا کە بەرپرسی ئەرتەشی ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شکەنجە لە ئەبوغرێب بوو. تاگۆیا دەڵێ برێک لە موتەرجمەکان کەسانی غەیەری سەربازی و جێگای گومان بوون. هەروەها خانمی یانیس کارپینسکی تەنیا ئەفسەرێک کە مەحکوم و لە کارەکەی دەرکرا، لە شاهێدیەکانیدا ووتی 3 لێپرسەوەر موتەرجمێکی سەرخۆشیان هان دەدا کە کچێکی 17 ساڵەی عێراقی ناچار بکا خۆی ڕوت بکاتەوە و پاشان خۆیان ماچیان کرد.
الاطراقچی لە درێژەدا دەنوسێ ژمارەیەک ڕاپۆرت لە کۆشتنی موتەرجمە عێراقیەکان بڵاو کراوەتەوە. ئایا ژمارەیەک لەوانە کە کوژراون ئەندامانی دوپشکەکان نەبون؟ ئایا ژمارەیەکیان لەبەر مەبەستی سیاسی یان ماڵی دەستیان نەداوەتە بارمتە گرتن؟
ئەمانەیە کە بەشێک لە ڕاستیە ترسناکەکانی ئەمرۆی عێراق پێک دێنن. بابەتەکەی الاهرام وڵامی ئەم پرسیارە کە کێ خەڵک ڕفاندنەکان ئەنجام ئەدا، ووڵامی ڕوون ناداتەوە و ناتوانێ بیداتەوە، بەڵام ئەوەیکە ئەو باسی دەکا نیشانی دەدا ئەو شێوازانەی کە بۆ بێ سەبات کردن و سەرەنجام بۆ ڕوخانی سەدام بەکار هێنرا، ئێستا تەواوی کۆمەڵگای گرتوەتەوە و لە دەرونەوە گەندەڵی دەکا. بە بومب و ڕێکخستنی گوروپە تیرۆریستەکان ئەگەریش بکرێ دیکتاتۆرێک لەناو ببرێ، بەڵام ناتوانرێ دێموکراسی بۆ کۆمەڵگا بەدیاری بهێنرێ. دێموکراسیی کارەسات ساز و گەندەڵی ئێستای عێراق کە تێیدا هەر گوروپێکی قەومی بوەتە مافیایەک و وەزارەتخانەکان و ئورگانە دەوڵەتیەکانی کردوەتە پێگەی دەسەڵاتی تاقمەکان و ناوەندی تاڵان کردنی سامانی زەوت کراوی خەڵکی عێراق، بەرهەمی ئەو شێوازانەیە کە بۆ ڕوخانی سەدام بەکار برا.
هەم جمهوری ئیسلامی ئێران و هەم ئەمریکا و گوروپەکانی سەر بەوان هەوڵ ئەدەن بەشێک لە چارەنوسی دزێو و نا ئینسانیی عێراق بکێشنە ئێران. بۆ ئەم مەبەستە هەردوک لایەن لە پێدا هەڵدان و وەسفی گورانکاریەکانی عێراق کەوتونەتە پێشبرکێ. چونکە ئەمریکا لە داگیر کردنی عێراق ڕازییە و جمهوری ئیسلامی لە بەدەسڵات گەیشتنی گوروپە کۆنەپەرەستە شیعەکان لە حکومەتی عێراقدا. ئێستا هەرکامەیان بۆ بەهێز کردنی بەشی لایانگرانی خۆیان پەرە بە شەری کوبراکان دەدەن و نەک هەر لە عێراق......
هەمان لایەنەکانی خوڵقێنەری مەرگەساتی عێراق هەر ئێستا لە شارەکانی جنوب و رۆژاوای ئێران دەستیان داوەتە ئەم شێوە ڕەوشتانە. بە پێشینەیەک کە جمهوری ئیسلامی هەیەتی، زۆربەی ئەو تەقینەوانەی شاری ئەهواز و پێکدادان لە شارەکان دەدەنە پاڵ کۆماری ئیسلامی و لەو باوەرەدان کە ئەمانە پیلانەکانی خودی ڕژیمە

بۆ بەرین کردنەوەی سەرکوت و بەیەکتر بەشەردانی گوروپە قەومیەکان. لە لایەکیترەوە رژیمی ئێران ئەم تەقینەوە و پێکدادانانە بە عەواملی خارجی دادەنێ. لە برێک بارەوە خودی گوروپە ئێرانیەکانی دەروەی سنورەکان لە راگەیاندنەکانیاندا بەرپرسایەتی ئەنجامدانی برێک لەم کردەوە چەکداریانە لە ئەستۆ دەگرن. خەڵک رفاندنەکانیش دەستی پێ کردوە. گرنگ نییە کە کێ لە کام باند بەبارمتە دەگرێ یان بە بارمتە دەگیرێ. مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم جۆرە کردەوانە خەباتی دێموکراتیکی خەڵک توشی سەرکوت و خەفەخان دەکا و رێگا بۆ ئەنواعی دوپشکەکان، لە دوپشکی ناوخۆ کە بەسەر ئێراندا حکومەت دەکەن تا کوبراکان کە بونیان بە کاول کردن و وێرانی بەندە و بەستراوەتەوە.